# ناڕەزاییەتیەکانی کرێکاران, بۆ.. بە تەقەقە وەڵام بدرێتەوە

فەرەیدون حەمەڕەشید
faraidun_73@hotmail.com

ئەمڕۆدەسەڵات لەهەرقوژبنێکی جیهاندابێت ئەگەردرووشمەکان پڕبکاتەوە بەئازادی،دیموکراسی،مافەکانی مرۆڤ و دەستەواژەکانی کۆمەڵگای مەدەنی،..،هتد.کەواتەخەڵکی ژێرئەودەسەڵاتە بۆداخوازی وپێداگریکردن لەماف وداخوازییە کانیان لەهەرکاتێکدا بیانەوێت بۆیان هەیەبیرلەناڕەزایەتی وخۆپیشاندان وهاتنەسەرشەقامەکان بکەنەوە بۆ دەستەبەرکردن و مسۆگەرکردنی مافەبەرهەقەکانیان لەدەسەڵاتی خۆیان،هەمووئەم داواکاری وبزووتنەوە جەماوەرییە ئەمڕۆلەکوردستاندا لە جوڵەیەکی بەرفراوان وئەکتیفدادەبینرێت،کەبوونی جووڵەیەکی لەوجۆرە لە ناڕەزاییەتی بەڕێخستن نیشانەکانی زیندوو بوونی کۆمەڵگای کوردستانە بۆداخوازی وپێداویستییەکانی ژیان،هەم بوونی نەفەس وفەزایەکەلەئازادی وهزری ئازاد ئیتر ئەوئازادییەلەکوێداسنووردارکراوەولەکوێدا هێڵی سووری بۆکێشراوە ئەوەشتێکی ترە،بەڵام لەبەرامبەرئەم ناڕەزەیەتیانە ئەوە چەند جارێکەڕووداوی تاڵ و تراژیدی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە دواترینیان ڕووداوەکەی7/27/ ی کرێکارانی گارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەیە کەبەتەقەکردن وەڵامی کرێکاران وناڕەزایەتییەکانیان درایەوە،ئەم ڕووداوەتاڵە بەڕووی کرێکارانی گارگەی چیمەنتۆ کەمەحرومترین و بەشمەینەترین چینی کۆمەڵگای کوردستانن سەرەڕای ئەوەی دەسەڵات بێبەری بوونی خۆی نیشانداو خستیەئەستۆی کۆمپانیایەکی سیگۆریتاسی مەدەنی،بەڵام وەکوئەرکو مۆراڵێکی سیاسی ئەرکی پاراستنی هاووڵاتیان چ لەماڵەکانی خۆیان بن یان لەشوێنی کار دەسەڵات بەرپرسیارە تائەوکاتەی پێداگرەلەسەرئەودرووشم وبانگەشەی لەژێرناوی دیموکراسی وئازادی ڕادەربڕین بۆدەسەڵاتی دەکات ،ئەگەردەسەڵاتیش بانگەشەوپڕووپاگەندەکان بۆدیموکراسی بوون وئازادییەکان نەکات ئەوا نەیەك سەرەقەڵەم ڕەخنەی لێدەگیرێت ونەلەگوڵ کاڵتری پێدەگوترێت،بۆیەئیترنەك کاتی ئەوە هاتووە بەڵکودرەنگە لەخوێندنەوەی جارێکی تری دەسەڵات لەخوودی خۆی وخۆدانەبەررەخنەوپرسیارلەخۆکردن لەوەی ئەم تەقەکردنەلەجەماوەری خەڵك کەداینەمۆی ئاڵووگۆڕەکان بوون،کەپێشمەرگەی سەنگەرەکان بوون،کەکەسوکاری شەهیدانن،کەهێزووبازووی بەرهەمهێنانن لە کوردستان،کەهێزی یەکلاکەرەوەی بەرسندووقەکانی دەنگدانن بۆچی و لەبەرچی؟،بۆئەوەی ئەم تەقەکردنە کەخەریکەدەبێتەسونەت ونەریت نەسەپێت بەسەرکلتووری سیاسی ولەوەزیاترنەبێتە مێژووی ڕەش دەبێت خوێندنەوەی بۆبکرێت ولێپێچینەوەی تەواوبکرێت لەبکەرەکانی ئەوڕووداوەوەدادگایکردنیان، لەچاووی ماسمیدیایی

جیهانییەوەئەوتەقەکردنەلەکرێکاران زەربەوترسێکی مەترسیدارە لەپێوانەکردنی ڕای گشتی دەرەوە بۆخەڵکی کوردستان وئەزموونی سیاسی ودەسەڵاتەکەی،لەکاتێکدادەسەڵات واخۆی نمایش دەکات کە هەموو هێلکەکانی خستۆتەسەبەتەی دیموکراسی وڕۆژئاواوە،بۆگەیشتن بەئاما نجەسیاسییەکانی خەڵکی کوردستان، کەواتەبەردەوامبوون لەدووبارەکردنەوەی تەقەکردن لەناڕەزایەتییەکان بەهەر شێوەیەك جارێك کۆمپانیای سیگۆریتاسی تاوانی لەئەستۆبێت وجارێك بگوترێت پۆلیس ناووشیاربووە وجارێکیترچی وچی،لەناوەڕۆك وئەخلاقی سیاسیدا هەرئەکەوێتەسەرشانی دەسەڵات ودەسەڵاتیش بەدەموچاوی ناشیرین وبەرپرسی یەکەم دەمێنێتەوە،بۆیە پێویستەسەرەرای لێپێچینەوەوبەدادگاگەیاندنی تەقەکەران وڕیشەکێشکردنی دیوەزمەی تەقەکردن،دەسەڵات کارئاسانی ئەمنیەت پارێزی لەخۆپیشاندەران وچوون بەدەم داواو ناڕەزایەتییەبەرهەقەکانی کانی جەماوەری خەڵك بخاتەدەسپێکی کارەکانی خۆیەوەتائەوکاتەی بەردەوامەلەبانگەشەی دیموکراسی بوون ومافەکانی مرۆڤ بەبالآی خۆیدا

31.07.06